ئۆرگانی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی فیدائیانی کۆمۆنیست

کرێکارانی جیهان یەکگرن !

# ڕێگای گەل

خاکەلێوەی ١٣٩١/// ژمارەی ٦٣

پێشرو ناتوانێ بە بیّ ئەوەی کە خۆی ببێتە مومی
داگیر ساو و سومبوڵی لە خۆ بردوویی و خۆراگری ,
کۆمەڵانی خەڵك بۆ شۆرش ڕێك بخات .

(( هاوریّ مەزن بیژەن جەزنی ))





## بژی ١ ی مەی
## ڕۆژی جیهانی کرێکار , ڕۆژی هاوپشتی نیونەتەوەیی کرێکاران !

## بڕووخیّ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ,
## دامەزریّ کۆماری فیدراتیوی شووراییی !

# لەم ژمارەیەدا .......

بژی ای مەی , ڕۆژی هاوپشتی نیونەتەوەیی کرێکاران ! ........................................ ٣
بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان ........... ٥
خەباتی دژی مەزهەب , ئەرکێکی سەرەکی کۆمۆنیستەکان لەم کاتە دا !......... ٦
یادی فیدایی شەهید هاوری مەزن بیژەن جەزنی و بیروبۆچوونەکانی بەرزی ئەو ........ ١٠
ئەزموونەکانی ڕابردوو , کوسپەکانی ئەمڕۆ و دیمەنی داهاتوو ! ............ ١٣

**ریگای گەل** ئورگانی کومیتەی کوردستانی ریکخراوی یەکیتی فیدائیانی کۆمۆنیست ئاخیری هەر مانگ بە دوو زمانی کوردی و فارسی بلاو دەبێ . ئارشیوی ریگای گەل و ئاخیرین راگەیاندراوەکان , بابەتەکان و هەوالەکان لە سایتەکانی خوارەوە وەرگرن .

www.fedayi.or

خەلکی قارەمان کریکاران و هاوریانی خەباتگیر بە بەشداری و ناردنی بابەت , رەخنە و بیر و رای خۆتان یارمەتیمان بدەن لە پر بارتر کردنی گۆڤارەکەمان . Kurdistan@fedayi.org

سایتی کار انلاین

www.kare-online.org

پەیوەندیە گشتیەکانی ریکخراو :

webmaster@fedayi.org

ریکخراوی یەکیتی فیدائیانی کۆمۆنیست لە facebook

http://facebook.com/sitefedayi

ریگای گەل لە facebook

Www.facebook.com/regaygal

برای تماس با سازمان اتحاد فدائیان کمونیست و یا ارگانهای آن با یکی از آدرسهای زیر تماس بگیرید

روابط عمومی
webmaster@fedayi.org

کمیته کردستان
kurdistan@fedayi.org

کمیته تهران
tehran@fedayi.org

کمیته کرج
karaj@fedayi.org

کمیته آذربایجان
azer@fedayi.org

مسئولین پال‌تاک
paltalkroom@fedayi.org

کمیته امور پناهندگی
panahjo@fedayi.org

# بژی ١٢ای گوڵان ( ای مەی ) ڕۆژی جیهانی کرێکار ، ڕۆژی هاوپشتی نیونەتەوەیی کرێکاران !




ڕۆژی شکۆداری ١٢ای گوڵان ( یەکەمی مانگی مەی ) بەرێوەیە . کرێکارانی سەرانسەری جیهان هەموو ساڵێک بە بوونەی ڕێزدانان لە سەرکەوتنی چینی کرێکاری ئەمریکا لە یەکەمی مانگی مەی ١٨٨٦ای زائینی ، ئەم ڕۆژە مێژوئیە جەژن دەگرن . گرینگی خۆپێشاندان و ڕێپێوانەکانی سەرشەقامەکان لە لایەن کرێکاران لەم ڕۆژە مەزنە ، لە بەرخاتری نوێ کردەنەوەی عەهد و پەیمان لە گەڵ ئارمانەکانی چینی کرێکار ، نیشان دانی ئیرادەی یەک دەست و هاوپشتی نیونەتەوەیی دژی بورژوازی ، وەک دوژمنی چینایەتی کرێکارانە . ریزەکانی پێکەوە گرێ دراوی کرێکاران لە گەڵ هاوارەکانی نارەزایی و ئازادیخوازانە ، ڕەنگدانەوەی هێز و ئیرادەی پتەوی چینێکە کە بۆ ڕووخاندنی سیستەمی سەرمایەداری ، دامەزراندنی سوسیالیزم و پەرەپێدانی ئەنترناسیونالیزم هەستاون .

ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی بۆ کرێکاران تەنیا جەژنێکی گەورەی هاوپشتی نیە . ئەم ڕۆژە پێش لە هەموو شت ڕۆژی ڕێز دانان لە نەریتەکانی خەباتی کرێکاران ، ڕۆژی تووند کردنی خەبات بۆ وە دیهێنانی داخوازیەکان و ئامانجەکانی کرێکاران و رزگاری لە هەزاران تکبەتی سیستەمی سەرمایەداریە . ڕۆژی نیشان دانی ئیرادەی پۆلائینی بەرهەم هێنەرانی نەعمەتەکانی مادی و خوڵقێنەری پێویستیەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە .ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی ، نیشان دانی توانای هێزی کۆمەلایەتی چینێکی جیهانیە . هەر بۆیە ڕۆژێکی نیونەتەوەئیە . بەلام چینی کرێکاری هەر ولاتێک بە گرێ دانی ڕێزدانان لەم ڕۆژە ، بەرێوە بردنی جەژنەکانی یەکەمی مانگی مەی ، لە گەڵ خەباتی خۆی لە ئاستی میللی ، دەتوانێ لەم جەژنە مەزنە جیهانیە بەشدار بێت . سەد و بیست و شەش ساڵ بەر لەمە ، کاتێک کرێکارانی ئامریکا ، بە دروشمی دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کار کردن هاتنە سەر شەقامەکان ، لە ڕێزی پێشەوەی بزووتنەوەیێک وەستان کە خواستی دیاریکردنی کاتژمێرەکانی کار کردن لە هەموو ولاتانی سەرمایەداری ، وەک ئەسلیترین داخوازی خۆی ڕاگەیاندە بوو . بۆیە هاواری خەباتی کرێکارانی شیکاگۆ لە یەکەمی مانگی مەی ١٨٨٦ لە هەموو جیهان دەنگی داوە و لەو کاتە بە دوادا هەر ساڵ یادی خەباتی قارەمانانەی ئەوان ، بە تووند کردنی خەبات بۆ وەدی هێنانی داخوازیەکانی کرێکاران ڕێز لێ دەگیردرێ . ڕاگەیاندنی ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی وەک ڕۆژی جیهانی کرێکاران لە لایەن ئەنترناسیونالی دووهەمیش ، بە تەعکید لە سەر گرینگی جیهانی داخوازیەکانی کرێکاران و کاریگەری بەرانبەری ئەوان لە هەر شوێنێکی جیهان ئەنجام درا و بووە نەریتێکی هەمیشەیی .

لە مەودای زۆرتر لە یەک سەدەی ڕابردوو ، چینی کرێکار لە ئاستی جیهانی ، سەرکەوتنەکانی مەزنی بە دەست هێناوە . گرینگترین داخوازیەکانی خۆی لە زۆربەی بوارەکان ، وەدی هێناوە . بە سەرکەوتنی شۆرشی مەزنی سوسیالیستی ئوکتوبەر ، جیهانی سەرمایەداری تووشی دوو بەرەکی کرد و سیستەمێکی نوێی دامەزراند و پاش شەری دووهەمی جیهانی لە زۆر ولاتی دیکە دەسەلاتی بە دەستەوە گرت ، ئەگەر چی لە ئاکامی قەیران لەو سوسیالیزمە کە لە تێگەیشتنی ناتەواو لە بنیات نانی سوسیالیزم و ئامرازی پاراستنی ئەو واتە دیکتاتۆری پرولەتاریا ڕووی دا ، چینی کرێکار دەسەلاتی لە دەست دا و پرۆسەی گەرانەوەی کۆمەڵگا بەرەو سەرمایەداری دەستی پێ کرد . بەلام نەریتەکانی سوسیالیستی چینی کرێکار و دەسکەتەکانی ئەو ، جێگای مێژوویی خۆی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پاراستووە . شکستی تێگەیشتنی بوروکراتیک لە سوسیالیزم سەرەرای هەموو ئاکامەکانی تاڵی ئەو ، بە ئەزموونەکانی خۆی ، ئەزموونی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکارانی جیهانی دەوڵەمەندتر کردووە و ئیرادەی چینی کرێکار لە نوژەن کردن ، پەرەپێدان و سەقامگیری سوسیالیزم لە داهاتوو ، وەک ئارمانی بەرزی مرۆڤایەتی ، پتەوتر کردووە . چۆنکە کرێکاران بە ئەزموون ، سەلماندوون کە شکستی خۆیان بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکان دەکەنە چەکێک بۆ سەرکەوتنەکانی مەزنی خۆیان . ئەمە ئەزموونی گەورەی یەکەمی مانگی مەی خوێناوی کرێکارانی شیکاگۆ بوو ، کە

دەنگدانەوەی ئەو ئێستا هەموو ساڵێک لە سەرانسەری جیهان لە هێزی یەکگرتووی کرێکاران , هەرچی بەرزتر بە گوێ دەگات . لە ئێران کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆری مەزهەبی بە ناوی کۆماری ئیسلامی دەسەڵات بە دەستیەتی . ناهێڵن کرێکاران بە شێوەیێکی ئازادانە کۆ ببنەوە . ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا لە ڕێگای ئۆرگانەکانی دژی کرێکاری خۆی ڕێ و ڕەسمەکانە فەرمایشی بەڕێوە دەبات تاکو بەرگرێ بکات لە هەرچەشنە ڕێ و ڕەسمێکی سەر بە خۆی کرێکاران.

ماوەیێکی زۆرە کە چینی کرێکاری ئێران ناتوانێ ڕۆڵی کاریگەری خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی سیاسی - کۆمەڵایەتی ئێران ببینێ . تێکۆشانی بێ وچانی کرێکاران چ لە ڕێژیمی شا و چ لە دەورانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی , هەموو کات بە زیندان , ئەشکنجە و ئیعدام وەلام دراوەتەوە .ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک هەموو حکومەتەکانی سەرمایەداری , بە شێوەیێکی بەردەوام پروپاگەندی بەربلاّو بەرێ دەخات , تاکو بە خەڵک , بە تایبەت کرێکاران و لاوان بسەلمێنێ , سوسیالیزم و کۆمۆنیزم لە ناو چووە . سەرەرای هەرا و هوریای ڕێژیم دژی کۆمۆنیزم , ئیمانی چینی کرێکاری ئێران بە نیسبەت سوسیالیزم سست نەبووە بەڵکو پێویستی مێژوویی گۆرانکارێکی شۆڕشگێرانە لە کۆمەڵگا و دیفاعی سەرسەختانەی ئەوان لە دیموکراسی و سوسیالیزم زۆرتر بووە . پاش هەڵوەشانەوەی بلۆکی ڕۆژهەڵات , شایی و هەڵپەرکێکی بێ سنوور لە لایەن جیهانی سەرمایەداری بیندرا .سەرەرای ئەمەی کە ئێستا زۆرتر لە دوو دەیەیە کە جیهانی سەرمایەداری دەسەڵاتی خۆی بە سەر دونیا دا بلاّو کردوتەوە , بەلاّم هێشتا نەک هیچ چەشنە گۆرانکارێکی بنەرەتی بە قازانجی هیچ کام لە توێژەکانی کۆمەڵایەتی جیهان ڕووی نەداوە . بە پێچەوانە , هەژاری , شەڕ و نائەمنی پەرەی ساندووە . بۆیە هێشتا هەل و مەرجی گونجاو هەیە تاکو بیر و بۆچوونەکانی سوسیالیستی لە نێوان چینی کرێکار و هەموو زەحمەتکێشان تەبلیغ و بلاّو بکرێتەوە. ئێستا چینی کرێکاری ئێران لە بارودۆخێکی زۆر خراپ لە بواری ئابووری -کۆمەڵایەتیە . لە چوار چێوەی پروپاگەندەکانی دژی کرێکاری کۆماری ئیسلامی ئێران , ئۆرگانەکانی وەک وزارەتی کار , ماڵی کرێکار ( خانە کارگر ) و ئۆرگانەکانیتر وەک ئەمان لە مافەکانی کرێکاران قسەی پڕ و پووچەڵ دەکەن . لە حاڵێکدا ئەم ئۆرگانانە هیچ پەیوەندێکیان بە کرێکارانی ئێران نەبووە و نیە , ئەوان تەنیا ئامرازی قازانجەکانی چینایەتی سەرمایەداران و سیستەمی مەزهەبی داسەپاون . بە هۆی هەل و مەرجی دیکتاتۆری و سەرکوتی ساڵەکانی ڕابردوو , هەر چەشنە پەیوەندێک نێوان چینی کرێکار لە گەڵ توێژەکانی کۆمەڵایەتی وەک زەحمەتکێشان , ماموستایان , فەرمانبەران و هتد ... لە ئاستێکی نزمە . بەم حاڵەدا ڕێژیم نەیتوانیوە ئەم پەیوەندیە هەر چەند لاوازیش بێت بپچڕێ . هەر چەند بوونی ئەنجوومەنەکانی ئیسلامی لە کارخانەکان و سیستەمی پۆلیسی , جیایی و بلاّوە بوون لە نێوان کرێکارانی پێک هێناوە , و سەرەرای هەموو زەخت و چاوەدێریەکانی پۆلیسی , لە مەودای ساڵەکانی ڕابردوو مانگرتنەکان و خۆپیشاندانەکانی کرێکاری یەک بە دوای یەک ڕووی داوە .

لە هەل و مەرجی ئێستادا چارە سەری گرفتەکانی چینی کرێکار وەک توێژەکانیتری ئێران لە گیرۆی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێرانە . ئێستا پاش ٣٤ ساڵ ڕەنجی هەژاری و برسیەتی , شەڕ و ماڵ وێرانی , ئەشکنجە و ئیعدامی دەسەلاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی , چینی کرێکاری ئێران بە پێشوازی ڕۆژی یەکەمی مانگی مەی دەچێ , بەم هیوایە کە بتوانێ یەکیەتی و یەک دەستی خۆی پتەوتر بکات . ڕیزەکانی خۆی ڕێک بخات و بە سەر وێرانەکانی کۆماری ئیسلامی , سیستەمێک بێ چەوساندنەوە و ئازاد و دیموکراتیک دامەزرێنێ .

**بە تەبلیغ و ڕەواج دانی سوسیالیزم و کۆماری فیدراتیوی شوورایی کە لەوێدا ئازادی و یەکسانی و هەروا مافی نەتەوەکان بۆ چارەی خۆ نووسین تاکو سەربەخۆیی تەواو بە ڕەسمی دەناسرێت ,ئاسۆی ڕوونی ڕزگاری بۆ کۆمەلانی خەڵکی زەحمەتکێش وە دەر دەکەوێت . سوسیالیزم ژیانێکی جیهانی بە ڕەسمی دەناسرێت کە لەوێدا سنوورەکان مانایکیان نییە .ئیمە خوازیاری یەکگرتنی هەموو نەتەوەکان وەك کۆمەڵگای ئینسانین ، بەلاّم نە لە ڕێگای زۆر و ستەم ، بەڵکو لە سەر ئەساسی هەڵبژاردنی ئازاد.**

**کۆماری فیدراتیوی شوورایی ئێران کە لەیەکگرتنی دڵ خوازانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناوچەکان ، نەتەوەکان و فەرهەنگە جۆربەجۆرەکان پێك دێت ، مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان تاکو سەربەخۆیی تەواویان، بە ڕەسمی دەناسرێت .**

# بۆ پێشەوە بەرەو دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان .



یەکەمی مانگی مەی ڕۆژی جیهانی کرێکاران بەرێوەیە .کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتەکەمان بە گشتی گیرودەی مەسەلە و گرفتەکانی کرێکارین هەرچەند ئەمە راستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە ئێران ولاتێکی فرەنەتەوەئیە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی هەرکام لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران سەرەرای هەڵگرتنی قورسایی ستەمی چینایەتی و چەوساندەوەیان لە لایەن سەرمایەداران و خاوەن کارەکان , باری ستەمی نەتەوایەتی و سووکایەتی نەتەوەئیش بە سەر شانی خۆیان ڕادەکێشن . ئێستا قسە و باسی ئێمە لە سەر ئەمەیە کە پێکهاتە سەربەخۆکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و سەرجەم جەماوەری کار و زەحمەت بە لە بەرچاوگرتنی ئەم راستیە چۆن دەبێ بێت و بە چ شێوەیێک دەکرێ شێوەکانی ستەمی کۆمەڵگای چینایەتی لە کانالی خەباتی دژی ستەمی چینایەتی لە ناو ببەین و چارەسەری یەک لایەنە و یەکجاری بۆیان بدۆزینەوە .لە بەرانبەر ئەو ستەمەی کە سەرمایەداران , مافیای ماڵی , ئاغازادەکان و خۆدی ئاغاکان و پشتیوانانی جیهانی ئەوان دەر حەق بە کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەر دەکەن کۆمەڵی ملیونی کار و زەحمەت بە هۆی نەبوونی رێکخستن و دامەزراندنی پێکهاتە سەربەخۆکانی خۆیان گیرودەی زنجیرەیێک لە مانگرتن و خۆپیشاندانن کە لە باشترین حاڵی خۆیدا ناتوانی لە دایرەی داخوازیەکانی سینفی و بۆ وەدی هێنانی مافە سەرتائیەکانیان تێپەر بێت . و لەم حاڵەدا هەر کات رێژیم و سەرمایەداران تووشی پەرەگرتنی جووڵانەوەی نارەزایی دەبن رێگا چارەسەریەکانی کاتی بە مەبەستی بێ دەنگ کردنی کرێکاران و زەحمەتکێشان و لە ئاکامدا دووبەرەکی خستنەوە لە ریزی ئەوان هەڵدەبژێرن .کە ئەم رێگا چارەسەریانە تەنانەت یەکێک لە هەزاران دەرد و مەینەتی چینی کار و رەنجی کۆمەڵگا چارەسەر ناکات . کەم و کۆری خاڵی لاوازی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتەکەمان لە چی دایە ؟ و بۆ چی تاکو ئێستا نەیانتوانیوە خەباتەکانی خۆیان لە سنووری بەرگری کردن لە مافە سەرتائیەکانیان تێپەرێنن و لەم ئاستەیشدا نەیانتوانیوە داخوازیەکانی خۆیان وەدی بهێنن ؟یەکەم خاڵی لاوازی خەباتی ئەوان لە سەرانسەری نەبوونی خەبات و لاواز بوونی پێکهاتە و دامەزراوەی سەربەخۆ بووە . واتە ئەوەی کە سەرەرای ئەمەی کە داخوازیەکان و ویستەکانی ئەوان لە هەموو کارخانەکان و شوێنەکانی کار و ژیان لە سەرانسەری وڵات وەک یەک بوون بەلام خەبات بلاوەیە . بۆ نموونە کرێکارانی کارخانەیێک داخوازیکیان هەیە بۆ زۆرتر کردنی حەق دەس یان ڕاگرتنی دەرکردنی کرێکاران و یان کەم کردنی کاتژمێرەکانی کار و یان دانی حەق دەسەکانی مانگەکانی ڕابردوو کە هێشتا بە کرێکاران نەدراوە , لەم حاڵەدا سەرمایەدار و خاوەن کار بە دانی وەعد و بەڵینی درۆ و سەری خەرمان کرێکاران رەوانەی ماڵەکانیان دەکات و ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ بە دوای ئەو کرێکارانی کارخانەیێکیتر لە شوێنێکیتر لە ولاتەکەمان بۆ ئەو داخوازیانە مان دەگرن و یان خۆپیشاندان ساز دەکەن و هەر بەو وەعد و بەڵێنانەیش بە بێ ئەزموون وەرگرتن لە حەرەکەتی کرێکاران لە شوێنەکەیتر لە لایەن سەرمایەدار و خاوەن کار ڕەوانەی ماڵی خۆیان دەکرێن . ئەگەر لەم حاڵەدا کرێکاران رێکخستنیان هەبێ و خاوەن پێکهاتە و دامەزراوەی سەربەخۆی خۆیان بن لە پەیوەند لە گەڵ حەرەکەتەکانی کرێکاران لە شوێنەکانیتری ئێران دەتوانن بە ئەزموون وەرگرتن لە حەرەکەتی پێش لە خۆیان سەرەرای بەردەوام بوون لە سەر حەرەکەتی نارەزایی ئاستی داخوازیەکانیان لەو ئاستەی کە بۆی تێدەکۆشن تێپەرێنن و تەجرووبەکانیان سەرەرای دەوڵەمەندتر کردنی ئەوان بە جووڵانەوەی کرێکاران لە شوێنەکانیتری ئێران ئینتقاڵ بدەن .

ئێمە بە باشی دەبینین کە چۆن پێکهاتە و دامەزراوە زەردەکانی سەر بە ئورگانەکانی دەوڵەتی و ئەحزاب و تاقمەکانی ناوخۆی حکومەت تێدەکۆشن تاکو بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەر بە سەرانسەری بوون و پەرەگرتنی جووڵانەوەی نارەزایی کرێکاران و لایەندار بوونی ئەو بەرەو پێکهێنانی دامەزراوەی سەربەخۆ بگرن .نەبوونی پێکهاتە و دامەزراوەی سەربەخۆ سەرچاوەی لاوازی و ڕاوەستانی جووڵانەوەی کرێکاری ئێرانە لە ئاست و سنووری ئێستادا و دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتەکەمان لە بەرانبەر هەر چەشنە بریاری سەرمایەداران و خاوەن کارەکان و دەوڵەتی پشتیوانی ئەوان بە کردەوە چەک بکرێن .

لەم هەلومەرجەدا و بە لەبەرچاوگرتنی راستیەکانی ناوخۆی کۆمەڵگادا کە هەزار و یەک دەرد و مەینەتی سەرچاوە گرتوو لە شێوەکانی چۆراوجۆری ستەم لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بە سەر شانی خۆی ڕادەکێشی , دامەزراندنی ئەنجوومەن و شووراکانی ئەیالەتی و وەلایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ولاتەکەمان باشترین و گونجاوترین رێگا حەڵ بۆ زاڵ بوون بە سەر بلاوەبوونی حەرەکەتە نارەزائیەکان لە سەرانسەری وڵات و تەنیا رێگای جێبەجێ کردنی ئیرادەی سەرجەم جەماوەری کار و زەحمەتە بۆ پەرەپێدانی خەبات و دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێی ئینسانی و بە دوور لە زوڵم و چەوساندنەوەی کۆمەڵگای چینایەتی سەرمایەداری کە لەوێدا هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران لە ئیتحادێکی دڵخوازنە و تێگەیشتووانە بەردی بناغەی کۆمەڵگای ئازاد و یەکسانی سۆسیالیستی دادەنێن .

# خەباتی بێ وەچان بە دژی مەزهەب ، ئەرکێکی سەرەکی کۆمۆنیستەکان لەم کاتە دا !

به دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ١٣٥٧ و پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەسڵی ولایەتی فەقیح و تێکەڵاوی رەسمی مەزهەب و دەوڵەت ، نە تەنیا ئارەزوەکانی لە مێژی شیعەکان وەدی هات ، بەڵکو دەرفەتی مێژوویی دەگمەن و چاوەروان نەکراوێک بۆ مارکسیست – لنیستەکانی ئێرانی رەخسا تاکو یەکجار و بۆ هەتاهەتایە هێزەکانی گەشە ئەستێنەری کۆمەڵگا لە نەهامەتی یەکێک لە خراپترین بەڵاکانی مێژووی مرۆڤایەتی ، وتە مەزهەب رزگار بکەن ، بەڵام ئەگەر ئەوان بە واقیع بوونی ئارەزوەکانیان لە سی و سێ ساڵی رابردوو دا ، دەمار لە رۆژگاری هەموو کەسیان دەرهێناو لە دژی هەر چەشنە پێشکەوتن ، ئازادی ، گەشە کردن و پەرەساندن هەستان ، کۆمۆنیستەکان ئەوتۆ کە دەبوایە لەم دەرفەتە بەنرخە مێژووئیە بۆ خەباتی بێ وەچان بە دژی دین کەڵکیان وەر بگرتایە ، ئیستفادەیان نەکرد . رژیمی جنایەتکاری کۆماری ئسلامی ، سەرە رای هەموو جنایەتەکانی لە مەودای سی و سێ ساڵی رابردوو ،خۆمەتێکی بە نرخی پێشکەشی کۆمۆنیستەکان و پەیرەوانی ماتریالیزم کردووە ، ئەم رژیمە بە هەموو و تەنانەت پاشکەوتووترین توێژەکانی کۆمەڵگا نیشانی دا کە جەوهەری راستەقینەی « کۆماری ئیسلامی » کە پتر لە هەزار ساڵ بەڵێنی ئەویان داوە چیە ؟ هەمووان بە چاوی خۆیان بینی کە ئەم حکومەتە بە ناو دادپەروەر نە تەنیا بەردەوام بووە لە درێژەدانی ناعەدالەتیەکانی سەدەکان و دەورەکانی رابردوو ، بەڵکو زۆر ناعەدالەتیەکانی تریشی لە سەر زیاد کردووە . پاش راپەرینی ٥٧ کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار ، هەلو مەرجی کۆمەڵگای ئێران وای لێ هات کە دام و دەزگای مەزهەبی تێکەڵاوی دام و دەزگای دەوڵەتی بوو و مەزهەب بووە سپەری سەرمایە . سەدەکانی زۆر ، سیمایێکی « مەزلومانە » لە مەزهەب لە ئێراندا نیشانی خەڵک دەدرا ، بەڵام ئەمە ٣٣ ساڵە کە چی تر مەزهەب « مەزلوم » نیە ، بەڵکو زاڵمە . سەدەکانی زۆر ، مەزهەب بە رواڵەت ئوپوزیسیون بووە و زۆر لە بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانەی ئێران لە رابردوودا شکلی مەزهەبیان بە خووە گرت ، بەڵام ئەمرۆکە پاش تێپەر بوونی ٣٣ ساڵ لە حکومەتی سەدەی ناوە راستی کۆماری ئیسلامی ئیتر مەزهەب دەسەڵاتی دەوڵەتی بە دەستەوەیە و مەسەڵەکە بە تەواوەتی فەرق دەکات . جەوهەری جنایتکاری ئیسلام ، ئەمرۆکە بۆ ملیونەها کەس لە کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ئێران ئاشکرا بووە . کۆمەڵانی خەڵک ، لە تەجروبەی ٣٣ ساڵەی خۆیان لە « ولایەتی فەقیح » یان «حکومەتی ئیسلام » ، تێگەیشتوون کە جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە فەرمانەکانی دینی ئیسلام جیا نەکەنەوە . خەڵک بە باشی تێگەیشتوون کە دینی راستەقینەی ئیسلام ، بە پێ باوەر پێکراوترین سەر چاوەکانی ئیسلام ( واتە قورئان ، حەدیس ، هەواڵەکان و جەزابەتەکان ) و بە پێ مێژووی بەر دەس لە سەدری ئیسلام تاکو ئێستا ، شتێک جگە لەوەیٚ کە رژیمی کۆماری ئیسلامی کردوویەتی نەبووە و لە داهاتوویش دا نیە . کۆمەڵانی خەڵک لە دووبارە نووسینی مێژووی ئیسلام ، تا ئەو جێگایە پێش چوون کە پاکانە دەکەنە بە کەساسەتیەکانی تاکو ئێستا نەفرەت لێکراوی مێژووی ئیسلام وەک یەزید ، شمر ، کوری مولجم و ... لە ئاوا هەلو مەرجێکدا ، کە کۆمەڵانی خەڵک لە ناسینی ناوەرۆکی راستەقینەی دین تاکو ئەم ئاستە تێگەیشتوون لە هەلو مەرجێکدا ، کە بێزاری لە دین لە ئاوا شکلێکی بەربلاو لە ناو کۆمەڵگا دا پەرەی ساندووە ، لە هەلو مەرجێکدا کە بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران هیچ فەرق و جیاواژێک لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دینی ئیسلام وجودی نیە ، ئایا لە خەبات بە دژی دین کەمتەر خەمی نەکراوە ؟ دەبێ بلین کە بە گشتی دا پێشرەوەکان لە کۆمەڵانی خەڵک پاش کەوتوون .

**تەعکید کردن لە سەر خەبات بە دژی دین بەم مانایە نیە کە خەبات بە دژی سەرمایەداری و ژێرخانی ئابووری دەبێ لە بیر بچێتەوە .**

ئەگەر حکومەتی ئیسلامیش لە ئێراندا لە سەر کار نەبوو دیسان ئەرکی کۆمۆنیستەکان بوو کە بە دژی دین خەبات بکەن . کۆمۆنیستەکان وەک ئەوانەی کە بڕوایان با ماتریالیزم هەیە ، دەبێ لە گۆرەپانی خەباتی ئایدولوژیکی خۆیان بە دژی هەر چەشنە ئیدئالیزم و دین سنوور دابنێن . هەر کۆمۆنیستێک خۆ بە خۆ و حەتمی ماتریالیستە و هەر ماتریالیستێک دوژمنی سەر سەختی ئیدئالیزم ، و بیرو بۆ چوونی دینی یەکێک لە دواکەوتووترین جۆرەکانی ئیدئالیزمە. هەر بۆیە هیچ کۆمۆنیستێک ناتوانێ لە پیویستی خەبات بە دژی دین تووشی بچووکترین گومان و دوو دڵ بێت . لە لایێکی ترەوە دین ، سەرە رای ئەوەی کە بیروبۆچوونێکی

پاشکەوتوو و دژی زانستی و سومبولی نەزانی و بێ توانایی یە , یەکێک لە ئامرازەکانی سەرەکی پاراستنی سیستەمەکانی چەوساندنەوەیش بە درێژای مێژوو بووە . دین هەمیشە ئەرکێکی دوو لایەنەی لە ئەستوو بووە , پیرۆز زانین خاوەن مڵکایەتی تایبەتی لە لایەک , و بچووک ئەژماردنی کۆمەلانی خەڵک لە لایێکی ترەوە . دین وەک بەشێک لە دەزگای ئایدولوژیکی دەوڵەت , هەمیشە حکومەتەکانی مەشروع و یاسایی زانیوە . پاساودانی گوێ رایەلی کۆمەلانی خەڵک و مەجبوور کردنی ئەوان بە قبوولّ کردنی وەزعی مەوجودیش لە ئەرکەکانی گرێنگی دین لە درێژای مێژووی کۆمەڵگاکانی چینایەتی بووە . بۆیە , بەشێوەیێکی حەتمی خەباتی چینایەتی لەم کۆمەڵگایانە دەگاتە خەبات بە دژی دەزگاکانی ئایدولوژیکی دەوڵەت , وەک دین . هەر بۆیە دەتوانین بلین کە خەبات بە دژی سەرمایەداری جیا لە خەبات بە دژی دین نیە . ئەم بریارە لە کۆمەڵگای ئێستای ئێران زۆرتر لە هەر کۆمەڵگایێکی تر سەلمێندراوە . ئەگەر لە کۆمەڵگاکانی تر دین بە شێوەیکی ناراستەوخۆ سیستەمەکانی چەوساندنەوەی مرۆڤ مەشروع دەزانێ و دین لە پشتی سەرمایەدارەکان خۆی هەشار دەداتەوە , لە کۆمەڵگای ئێران , ئەمە سەرمایەیە کە لە پشتی دین خۆی هەشار داوەتەوە . دین گرێنگترین نقابێکە کە تێدکۆشی سیمای سیستەمی سەرمایەداری ئێران لە چاو خەڵکی بشارێتەوە . ئەگەر لە کۆمەڵگا کانی تر دەوڵەت لە دین سوود وەر دەگرێ , لە ئێران هەموو دەزگای دەوڵەتی لە خزمەتی دین دایە . تێکەلاوی دین و دەوڵەت لە ئێران دا لەو پەری خۆێدایە . چارە نووسی یەکێک لەوان پەیوەندی هەیە بە دارە نووسی ئەوەی تر . ئەم تایبەتمەندیە دەبێ بناسین و لەم دەرفەتە میژووئیە بە باشی کەڵک وەربگرین . بەلام مەسەڵە ئەمەیە کە هێزەکانی پێشرەو تاکو ئێستا لەم دەرفەتە مێژووئیە ئەوتۆکە دەبوایە , کەڵکین وەر نەگرتووە و تا رادەیەکیش لە خەباتی خۆ بە خۆیی کۆمەلانی خەڵک پاش کەوتوون . لە حاڵێکدا دەبێ ئەم خەباتە خۆ بە خۆیە , پەرتەواز و بەربلاوە و سەر چاوە گرتوو لە هەستەکانی خەڵک لایەندار بکرێ و لە هێڵی دیاریکراودا دابنرێ . یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی هەلویست وەر نەگرتنی روون و شەفاف بە دژی دین لە ئێران هەروەها نەریتی سازشکارانەی حیزبی دژی شۆرشی توودە لە مەودای تەمەنی نگریسی خۆی بە پێ ناوەرۆکی چینایەتی , هەمیشە پەرە پێدەری فیکریەتی سازش لە نێوان دین و سوسیالیسزم بووە . حیزبی توودە , کە لە هەمان سەرەتای دامەزرانی رۆڵی کارگوزاری بورژوازی لە ناو بزووتنەوەی چینی کرێکاری گیراوە , لە بواری فەلسەفەیشدا لە مارکسیزم تەعبیری بە دوور لە راستی پێشکەش کرد و ئەسڵەکانی روون و شەفافی مارکسیزمی لە بارەی رۆڵی دین لە کۆمەڵگاکانی چینایەتی تەحریف کرد و پەرەپێدەری تێکەلاوی ئیدئالیزم و ماتریالیزم بوو . جەوهەری خیانەتکاری حیزبی توودە ( و پاشان هەر دوو باڵی دژی شۆرشی ئەکسەریەت ) سەدان و هەزاران جار دووپاتیان کردەوە کە نێوان دین و سوسیالیزم و ئیسلام و مارکسیزم جۆرێک لە یەکبوون لە کارەکان هەیە . حیزبی توودە لە هەمان حاڵدا بە هەر دەرێکی دەدا تاکو بە ( ئیمام ) بسەلمێنێ کە ئەم یەکبوونە , بە رای حیزبی توودە « بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان شتێکی تاکتیکی نیە ».

**دین , سەرە رای ئەوەی کە بیروبۆچوونێکی پاشکەوتوو و دژی زانستی و سومبولی نەزانی و بێ توانایی یە , بە درێژای مێژوو یەکێك لە ئامرازەکانی سەرەکی پاراستنی سیستەمەکانی چەوساندنەوەیش بووە**

ئەم حیزبە جنایتکارە , زۆر جار رایگەیاند کە مارکسیزم و دین , سوسیالیزم و ئیسلام , و یان « پەیرەوانی سوسیالیزمی زانستی و پەیرەوانی ئیمام » هەر دوو خاوەن ئامانجێکی هاوبەش واتە دانەزراندنی عەداڵەتی کۆمەلایەتین . رەوتی دژی شۆرشی توودەیی - ئەکسەریەتی کاتێک لە سازش لە گەڵ دین و پێکەوە ژیانی ئیسلام و سوسیالیزم قسەی دەکرد کە سوسیالیزم , وەک ئایدولوژی شۆرش و ئیسلام وەک ئامراوێ دژی شۆرش لە بەرانبەر یەکتر راوەستا بوون . ئەگەر چی نەریتی دژی مارکسیستی و دژی شۆرشی حیزبی توودە لە هەلویست وەرگرتن بە دژی دین تەعسیراتی خۆی لە سەر بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی ئێران بە جێ هێشتووە , بەلام حیزبی توودە نەیتوانی ویستی دواکەوتووانەی خۆی بە مەبەستی سازش لە نێوان ئیسلام و سویالیزم و بە دوای ئەودا پاک نیشان دانی رژیمی کۆماری ئیسلامی وەدی بهێنێ .

نەریتی خەباتگێرانەی رێکخراوی موجاهدینی خەڵک لە رابردوو و بە تایبەت لە سەرەتاکانی دەیەی پەنجایش بووە هۆی هەلویست وەر نەگرتنی روون و شەفافی مارکسیستەکان بە دژی ئیسلام . چەپی شۆرشگێر , کە بە دامەزرانی رێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران لە کۆتائیەکانی دەیەی چل لە گەڵ نەریتەکانی ریفورمیستی و سازشکارانەی حیزبی توودە سنووری دانا بوو , لە گەڵ هێزێکی تر

ڕووبەڕوو بوو کە بە تێکلاو کردنی ئیسلام و سوسیالیزم بەکردەوە خەریکی خەباتی چەکدارانە بە دژی ڕژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شا بوو . بۆ ڕێبەرانی ڕێکخراوی چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران , کە لە دەورەی سەرەتاکانی دەیەی پەنجا لە دەورەی جێگر بوون و سەقامگیری خەت و شێوازی خەباتی چەکدارانە دەزانین , ئەم سیاسەتەی ڕێکخراوی موجاهدین پێشوازی لێ کرا . ئەوان , بە لە بەر چاو گرتنی تێبینیەکانی تاکتیکی سەر چاوە گرتوو لە زەق کردنی خەباتی چەکدارانە لەم دەورەیە , بە گشتی بایەخیان بۆ لایەنەکانی خەباتگێڕانەی موجاهدین دادەنا و چاوپۆشیان دەکرد لە لایەنەکانی دواکەوتووانەی بیروبۆ چوونی موجاهدین . ئاکامەکەی ئەوە بوو کە ئایدولوژی ئیسلامی موجاهدین و ڕوانگەکانی دواکەوتووانە و کۆنە پەرەستانەی ئەوان لە بارەی زۆر بابەتەکانی کۆمەڵایەتی هیچ کات بە شێوەیکی سیستەماتیک نەکەوتە بەر ڕەخنەوە . ( هەلبەت نووسراوەی « مارکسیزمی ئیسلامی یان ئیسلامی مارکیستی » نووسینی هاوڕێ مەزن بیژەن جەزەنی مەوردێکی جیاواز بوو ) .

مارکسیستەکان , بۆ ئەوەی کە دڵی « دیموکراتەکانی شۆڕشگێر » ڵیان نەرەنجێ , یان بۆ ئەوەی کە یەکگرتوویی خەبات لە دژی ڕژیمی شا تووشی لاوازی نەبێت لە مەودای پتر لە یەک دەیە لە ژیانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵک هیچ کات هەلویستیان لە بەرانبەر موجاهیدین وەر نەگرت . هەڵبەتە مەسەڵەکە لێرەدا کۆتایی پێ نەهات , لەم دەورەیە بوو کە زۆر ووشە وەک « ئیسلامی شۆڕشگێر » , « ئیسلامی پێشکەوتوو » , « ئیسلامی سوور » , « ئیسلامی دژی ئیمپریالیستی » و قسەی بێ ناوە ڕۆک لەم جۆرە لە نێوان بەشێک لە هێزەکانی چەپ پەرەی ساند . کار بە ئەوەی گەیشت کە تەنانەت مارکسیستێکی شۆڕشگێر و ناسراو وەک گولسرخی , لە قسەکانی خۆی لە بێ دادگای نیزامی شا , پیش لە بە خوێن خەوتنی قارەمانانەی خۆی ئاشکرا و بە ڕوونی ڕایگەیاند کە سوسیالیزم لە « مولا عەلی » فێر بووە . ! نە بوونی هەلویست لە بەرانبەر ئایدولوژی ئیسلامی موجاهیدین تا ماوەیکی زۆر پاش لە ڕاپەڕینی ٥٧ هەروا درێژەی هەبوو . تەنیا پاش ڕاپەڕینی ٥٧ , بەتایبەت بە دوای گورین لە ڕێکخراوێکی وردە بورژوازی بە ڕێکخراوێکی بورژوایی هاوپەیمانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکە بووە کە ناوەرۆکی دواکەوتووانەی ڕێکخراوی موجاهیدینی بۆ هێزەکانی شۆڕشگێر ئاشکرا کرد . ئەمرۆکە ئیتر بۆ هەموو کەس ڕوون بووەتەوە کە ئیسلامی موجاهیدین لە گەڵ ئیسلامی خومەینی هیچ فەرق و جیاوازیکی ڕیشەیی نیە . هەر دوویان ئیسلامی ئاشتی هەڵنەگری ئازادی و دیموکراسی و لایەنگری سیستەمی سەرمایەداری سەر بە ئیمپریالیزمن . فەرق و جیاوازی ئیسلامی ڕەجەوی لە گەڵ ئیسلامی خومەینی لەم دایە کە ڕەجەوی ئیسلامی وەلایەتی فەقیحی خومەینی ی شیاوی پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری ئێران نازانێ . ئەو ئەیهەوێ بە « ئیسلامی ڕاستەقینە » ی خۆی و بە یارمەتی ئیمپریالیزمی جیهانی و دواکەوتووانی ناوچەکە سیستەمی سەرمایەداری ئێران لە زریانی شۆڕشی دژی سەرمایەداری داهاتوو , پیش وەقت ڕزگار بکات . بە ڕەجەوی و ڕێبەری دژی شۆڕشی موجاهیدین و هێزەکانی تری دواکەوتوو نابێ دەرفەتی ئەوە بدەین کە بۆ جارێکی تر بە پینە و پەرۆ کردنی ئیسلام و پێشکەش کردنی ئیسلامێکی تر , بۆ سەرمایەداری ئێران ڕێگای ڕۆگارێکی تر بدۆزنەوە . هەموو هەوڵ و تەقەلای ڕێکخراوی موجاهیدین بۆ ریفورم لە ئیسلام تاکو لە گەڵ پیویستیەکانی نوێ و پیویستیەکانی کۆمەڵگای ئەمرۆی سەرمایەداری ڕێکی بخەن . لە ڕوانگەی ئەم ڕێکخراوە ئیسلامی وەلایەتی فەقیحی و حەوزەیی ڕژیم ناتوانی وەلامدەری پیویستیەکانی جیهانی ئەمرۆدا بێت . شەری ڕێکخراوی موجاهیدین و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا کە لە سەر چۆنیەتی پاراستنی سیستەمی سەرمایەداری ئێرانە نە شتێکی تر . تێگەیشتنی نادروست و میکانیکی لە پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخان هۆیەکی تری کەمتەر خەمیە لە خەباتی بێ وەچان بە دژی دین لە ئێراندا , هەندێک پێیان وایە کە ئەرکی مارکسیستەکان تەنها خەبات بە دژی ژێرخانی ئابووریە و سەرخان خۆ بە خۆ چاک دەبێ . لە حالێکدا پەیوەندی نێوان ژێرخان و سەرخان پەیوەندیەکی بەرانبەری دیالکتیکیە و ژێرخانی ئابووری تەنها لە دوائین لێکدانەوە دیاریکەری سەرخانە . ئەگەر بە ڕاستی گۆڕانکاری لە ژێرخانی ئابووری , بەشێوەیکی ئۆتوماتیک گۆڕانکاری لە سەرخانەوە بە دواوەیە , ئەمرۆکە نابێ دیاردەیەک بە ناوی دین وجودی بوایە . لە بەر ئەوەی کە دەزانین دین سەرخانی قۆناخی کۆیلەداری بووە و بە وجودی لە ناوچوونی کۆمەڵگاکانی کویلەداری و دامەزران و لە ناوچوونی دەرەبەگایەتی و پاشان پەیدا بوونی کۆمەڵگاکانی بورژوایی هەروا دین درێژە بە ژیانی خۆی داوەتەوە . ئەگەر خەبات بە دژی سەرخان تەعسیری نیە , لە ئەسلدا بۆ چی مارکسیستەکان بۆ ورد کردن و تێک شکاندنی ماشینی دەوڵەتی و بۆ دامەزراندنی دیکتاتوری پرولیتاریا خەبات دەکەن ؟

مەگەر خۆدی دەوڵەت سەرخان نیە ؟ بە پێ ئەم هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیە خەبات بە دژی ریفورمیزم و رویزیونیزمیش دەبێ بێ تەعسیر و بێ ئاکام بێت , لە بەر ئەوەی کە خەباتێکی سەرخانیە . بەڵام ئایا تەعکید کردن لە سەر خەبات بە دژی دین بەم مانایەیە کە خەبات بە دژی سەرمایەداری و ژێرخانی ئابووری دەبێ لە بیر بچێتەوە ؟ بە هیچ شێوەیەک خەبات بە دژی دین ناتوانێ بەم جۆرە تەعبیر بکرێتەوە کە تەنها سەرخان دەکەویتە بەر هێرشدا و ژێرخان لە بیر دەچێتەوە . گرێنگ ئەمەیە کە ناتوانین بڵین کە لە بەر ئەوەی کە دین دیاردەیەکی سەرخانیە , خۆبە خۆ لە ناو دەچێت , ئەگەر ئەم شتە روون بێت , شتێکی تریش بە تەواوی روون و ئاشکرایە کە بۆ لە ناو چوونی یەکجاری دین , دەبێ ئەو هەلومەرجەی کە دین لە سەر ئەودا راوەستاوە , لە ناو بچێت . بە واتاێکی تر , پێش لە ناو چوونی کۆمەڵگاکانی سەرمایەداری دین لە ناو ناچێت . تەنها پاش لە ناو چوونی کۆمەڵگای سەرمایەداری و وشک بوونی ریشەکانی کۆمەلایەتی دین , ئیمکانی لە ناو چوونی یەکجاری دین بە یارمەتی شۆرشێکی فەرهەنگی بەربلاو فەراهەم دەبێت . بەڵام خەبات بە دژی دچی ناتوانین بۆ داهاتوو پاش بخەین . لەم پەیوەندیەدا , دەبێ فورمولی « خسوسی بوونی دین » یش ئاماژەی پێ بکرێ . خسوسی یان شەخصی بوونی دین بەو مانایە نیە کە مارکسیزم دین وەک مەسەلەیێکی شەخسی دەزانێ و بە دژی خەبات ناکات . ئەمە ئاکام وەرگرتنێکی ئۆپورتونیستیە لەم دروشمە .کۆمۆنیستەکان تەنیا لە بەرانبەر دەوڵەتدا دین وەک شتێکی خسوسی چاو لێ دەکەن نەک لە بەرانبەر خۆیاندا . ناوەرۆگی راستەقینەی ئەم دروشمە « ئازادی ویژدان » ( واتە بروا بە هەر دینێک یان بێ بروا بوون بە هیچ دینێک ) , نەک رەتکردنەوەی خەبات بە دژی ئەو بۆ کۆمۆنیستێک , دین بە هیچ شێوەیەک مەسەلەیێکی خسوسی نیە . کۆمۆنیست تەنیا لائیک نیە , بەڵکو ئاتیئست یان بێ خوایە . دروشمی خسوسی بوونی دین بۆ کۆمۆنیستەکان دروشمێکی ئۆپورتونیستیە . کۆمۆنیستەکان دەبێ بە دژی دین خەبات بکەن . ئێستا کە دەگەرینەوە بۆ لای چەمکی خەبات بە دچی دین , ئایا خەباتی بێ وەچان بە دچی دین بەو مانایەیە کە هەموو ئەفرای مەزهەبی لە ناو بچن ؟ بە هیچ شێوەیەک خەبات بە دژی دین بە مانای خەبات بە دژی ئەو کەسانەی نیە کە بروایان پییەتی . ئەم دوو بابەتە بە تەواوەتی لە یەکتر جیاوازن . زۆر لە کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش قوربانیانی دین و مەزهەبن بیر و بروای دینی ئەوان ئاکامی زاڵبوونی ئایدولوژی چینەکانی حاکیم بە سەر کۆمەڵگایە . قوربانیانی دین دەبێ لە پارێزەرانی دین جیا کردەوە . قوربانیانی دین دەبێ وریا کردەوە و تیان گەیاند و بە دژی پارێزەرانی دینیش خەبات کرد . ئەرکی کۆمۆنیستەکانە قوربانیانی دین بە تەبلیغاتی سیستەماتیک لە خۆ بێ خویێ خۆیان رزگار بکەن . دەبێ لە سووکایەتی کردن بە هەست ئەوانەی کە بروایان بە دینە خۆ بپارێزین نابێ بە هەستەکانی مەزهەبی خەڵک سووکایەتی کرد . دەبێ بۆ هەستی مەزهەبی کۆمەڵانی تێنە گەیشتوو رێز دابنین . هەر جۆرە زیادە رەوی لەم بارەیە لەوانە بیێتە هۆی بە هێز بوونی بیرو بۆ چوونی وشکی مەزهەبی ئەوان . دەبێ وریا بین کە لەم شێوە هەلسوکەوتە ئوسولیە بەو کەسانە کە بروایان بە دینە بە شیوەیەکی ئۆپورتونیستی هەلسەنگاندنی لە سەر نەکرێت . رێز بۆ بیرو بۆچوونی مەزهەبی کۆمەلانی خەڵک بە مانای تەعید کردنی ئەم بیر و بۆچوونانە نیە . دەبێ لە هەر دەرفەتێکی گونجاودا , ناوەرۆکی راستەقینەی دین بۆ ئەم کۆمەڵە خەڵکە تێ نەگەیشتووە ئاشکرا بکەین . رێز دانانی بە تەواوەتی بۆ بیر و بۆ چوونەکانی مەزهەبی کۆمەلانی خەڵک دەتوانێ ئاکامی بە پێچەوانەی بە دوادا بێت و بە قازانجی چینەکانی حاکیم و دام و دەزگای دینی بێت . لە بەر ئەوەی کە ئەم شێوە هەلسوکەوتە ماناکەی قبوول کردنی وەزعیەتی مەوجودە . هەڵبەتە , لە هەلومەرجی ئیستای ئێراندا , تیگەیشتنی کۆمەلانی خەڵک لە ناوەرۆکی راستقینەی دین لەو ئاستەدا هەیە کە بۆ روشنبیرانی چەپ کە هیشتا بروایان بە ئەوەیە کە دەبێ بۆ هەستی دینی کۆمەلانی خەڵک رێز دانبرێ , هیچ رێزێک دا نانەن .

**توێژو چینەکانی دەسەڵات دار لەرابردوودا و هەروەها سەرمایەداری پێشکەوتووی ئیران لە دەیەکانی دوایی دا، هەمووکاتێ لەمەزهەب، جیاوازی فەرهەنگیەکان، نەتەوەکان و نەریتەکان و داب و نەریتەکان و هەروەها ناسیونالیزم و شوینیزم، بەقازانجی خۆیان کەڵکیان وەرگرتووە بەمەبەستی قانوونی کردنی ناوەندگرایی دەسەڵات، ئیستیبداد، دیکتاتوری، فریوو توندکردنی ستەم و چەوساندنەوە و سەرکوتی بزووتنەوەی چینی کرێکار و زۆرینەی خەڵکی بێ بەش لە کۆمەڵگاو ئەزموونی بیست ساڵەی دەسەڵاتی مەزهەبی، جیایی دین لە دەوڵەتی کردووەتە یەکێك لە داخوازیەکانی ئەساسی و پیویستی خەڵك.**

*پاشماوە لە ژمارەکانی داهاتوو*

# یادی فیدایی شەهید هاوڕێ مەزن بیژەن جەزنی و بیروبۆچوونەکانی بەرزی ئەو

٣٠ ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٥٤ای هەتاوی ( ١٩٧٥ای زائینی ) ڕێژیمی سەرکوتگەری شا , هاوڕێ بیژەن جەزەنی و ٦ هاوڕێ‌تری فیدایی بە ناوەکانی مەشعوف ( سەعید ) کەلانتەری , حەسەن زیا زەریفی , عەباس سورەکی , محەمەد چوپان زادە , ئەحمەد جەلیل ئەفشار , عەزیز سەرمەدی و دوو خەباتگێری موجاهیدی خەڵک بە ناوەکانی کازم زولانوار و مستەفا خۆشدڵی بە کردەوەیکی تیروریستی و ناجوانمێرانە دایە بەر دەسرێژ و ئیعدامیان کرد . ڕێژیمی شا , پاش ئەم کردەوە جنایەتکارانەیە ئیدیعای کرد کە گوایە ئەم خەباتگێرانە لە کاتی ڕاکردن لە زیندان کوژراون . بەڵام ئەم جنایەتەی ڕێژیمی وەحشی و سەرکوتگەری شا بووە هوێ هەڵدانەوەی یەکێک لە ڕەشترین لاپەرەکانی مێژووی سەرتاپێ دیکتاتۆری و خەفەخانی شای خیانەتکار .

هاوڕێ بیژەن جەزنی یەکێک لەو تاکەکەسانەی بوو کە لە مەودای ساڵەکانی یەک لە دوای یەک بە هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی شکستی بزووتنەوەی خەڵکی ساڵەکانی ٣٠ تاکو ٣٢ ( ١٩٥٣ - ١٩٥١ زائینی ) و هەروا ئەزموونی حیزبی توودە , بیری بوژانەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران لە دارشتنی شێوازی مارکسیستی - لینینیستی بە کردەوە دەرهێنا و بە ڕێکخستنی یەکێک لە گروپەکانی پێک هێنەری ڕێکخراوی ئێمە , تێکۆشانێکی بێ وچانی بۆ بە ئاکام گەیاندنی بزووتنەوەی نوێی کۆمۆنیستی لە وڵاتی ئێمە بەرەو پێش برد . هاوڕێ بیژەن هەرچەند لە کاتی ڕاگەیاندنی دامەزراندنی ڕێکخراوی



چریکەکانی فیدایی گەلی ئێران لە زیندان بوو , بەڵام ڕۆڵی ڕاهێنەری خۆی لە چاککردنەوەی هەڵەکانی ئەو , و لە ڕێکخستنی ریزەکانی ئەو , بە شێوەیکی زۆر ڕێک و پێک بینی . نووسراوەکانی تیئوریکی ئەو لەم ساڵانە دا , زەمینەی گۆرانکاریەکانی دوایی ڕێکخراوی ئێمە و گۆرینی ئەو بە ڕەوتێکی پەرەئەستینەر و گەورەی خەڵکی لە هەل و مەرجەکانی هەستانەوەی بزووتنەوەی خەڵکی بوو . هونەری گەورەی بیژەن , هێز و توانای ئەو لە دیاریکردنی بابەتەکان و ڕوانگەی عەینی بە نیسبەت گرفتەکان بوو , کە ئەمەیش بەرهەمی ئەزموونی ژیانی خەباتگێرانەی درێژ خایەن و زانیاری و تێگەیشتنی سیاسی قووڵ و بنەرەتی ئەو بوو . هاوڕێ بیژەن جەزەنی , بەرهەمی هەل ومەرجەکان و پرۆسەی پەرەساندنی خەبات لە دەورانی خۆی بوو کە بە هۆی خیانەتەکانی حیزبی توودە , زەبریکی زۆری لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران کەوتبوو . تێگەیشتنی ئەساسی‌ترین پیویستیەکانی کۆمەڵایەتی و کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی خوێناوی خەباتی چینایەتی لە ڕابردوو , پیویستی دەکرد , تاکو بۆ خەباتی دژی ئیمپریالیستی - دژی دیکتاتۆری , بناغەی بزووتنەوەیکی نوێ دابنرێ .

هاوڕێ جەزنی توانی بە تێگەیشتنی بە جێ ئەم هەل ومەرجە , بۆ پێک هاتنی ڕێکخراوێکی خەباتگێر و جەنگاوەر , بە ئایدولۆژی مارکسیزم - لینینیزم بەم پێویستیە مێژووئیە وەڵامێکی باش و گونجاو بدات . تێکۆشانی بێ وچانی هاوڕێ بیژەن لە گەڵ هاورێانی‌تری گروپی جەزەنی کە هەندێک لەم هاوریانە لە گەڵ بیژەن گوللە باران کران , لە ڕێکخستن و پەرەساندنی ڕێکخراوی ئێمە کاریگەر بوو , کارئامەیی و توانایی هاوڕێ بیژەن تەنیا لە تێگەیشتنی پێویستیەکانی خەبات نەبوو , زانیاری و تێگەیشتنی بە نیسبەت بارودۆخی کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەی هەل و مەرجەکانی دیاریکراو لە تواناییەکانی‌تری هاوڕێ جەزنی بوو . زۆربەی ئەو نووسراوانەی کە هاوڕێ بیژەن لە زیندان نووسیوەتی , هێشتا یەکێک لە سەرچاوەکانی گرینگی تیئوریکە کە کەڵکی لێ وەردەگرن . هاوڕێ بیژەن بۆ سەلماندنی پێویستی پێکەوە گرێ دانی تیئوری و پراتیکی شۆرشگێرانە و لە وەڵامی ئەو ئۆپۆرتۆنیستانەی کە خوازیاری گەرانەوەی بە ڕواڵەت بەرەو لای ئوسوڵەکانی دەسکردی خۆیان بە ناوی ئوسوڵەکانی مارکسیستی بوون , ئاوا دەڵێ :

(( ڕاوەستان لە قۆناخی تێگەیشتن و زانین , ترس و دڵەڕاوکە لە کردەوە و تێکەڵ بوونی تەواو لە ناو بابەتەکانی تەنیا ئیستراتژیک , ئێمە بەرەو پارێزگاری کە لە تایبەتمەندیەکانی ئۆپۆرتۆنیزمە دەبات . ))

ڕاستی ئەم ووتەی هاوڕێ بیژەن دەتوانین لە هەڵسەنگاندنی ئەو لە گەڵ ووتەی ماموستای مەزنی مارکسیزمی شۆرشگێر , لینین ببینین , ئەو جێگایەی کە لینین لە نووسراوەی خۆی بە ناوی دۆستانی خەڵک کامانن ؟ دەڵێ : (( من بە تەعکید لە سەر پێویستی , گرینگی و بەربلاوی مەزنی چالاکی سوسیال دیموکراتەکان بە هیچ شێوەیک نامهەوێ بڵێم کە ئەم چالاکیە بە نیسبەت چالاکی پراتیکی لە پلەی یەکەم و بە شێوەی یەکەم نامهەوێ بڵێم چالاکی دووهەم تاکو کۆتایی چالاکی یەکەم بە دوا بخرێتەوە . ئاوا ئاکامێک تەنیا پەیرەوانی شێوازی زەینی ( سوبژکیتو ) لە کۆمەڵناسی یان پەیرەوانی سوسیالیزمی

خەیاڵی دەتوانن وەرگرن . بە پێچەوانە ئەوەی کە بە شێوەیکی حەتمی لە پلەی یەکەم دادەنرێ هەموو کات چالاکی پراتیکی ( لە زەمینەی پروپاگەند و پەرەپێدانە ) )) لە ڕوانگەی هاورێ مەزن بیژەن سەرەکیترین هۆکارەکانی دیاریکردنی شێوازەکانی خەبات بریتین لە :

1- بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پێکهاتی چینایەتی کۆمەڵگا و دیاریکردنی ئەو هێلەی کە کۆمەڵگا تێپەری دەکات .

2-بارودۆخی کومەڵایەتی - سیاسی کۆمەڵگا کە بریتیە لە دیاریکردنی دژایەتی سەرەکی کۆمەڵگا , شێوەی دەسەڵاتداریەتی و کردەوەی چینەکانی دەسەڵاتدار و ئیمپریالیزم , رادەی دەسەڵات و ڕێکخستنی ڕێژیم , چەنیەتی و چۆنیەتی ڕەوتەکان و ڕێکخراوەکانی خەباتگێری خەڵکی .

3-هەل و مەرجی ورەی کۆمەلانی خەڵک , رادەی جوولان , شەهامەت و ورەی ئەوان بۆ هێرش ( و یان ورەی تەسلیم و ناهومێدی ئەوان ) .

4-نەریتەکان و شێوازەکانی خەبات کە خەڵک لە ڕابردووی مێژوویی تا رادەیک نێزیک لە خەبات دژی دوژمن بە کاریان هێناوە .

5-بارودۆخی سیاسی جیهانی و ناوچەیی , چونیەتی هاوسەنگی هێزەکان و هۆکارەکانی باش و خراپ بۆ بزووتنەوە و ئەو شێوازانەی کە خەباتی خەڵکانی دوور و نێزیک بە خۆیەوە گرتووە و بە رادەی جیاواز خەڵک لێان کەڵک وەرگرتوون .

بەم ڕوانگەیە و بە لە بەر چاوگرتنی کاریگەری هەرە گرینگی هۆکارەکانی سەرخانی بۆ دیاریکردنی شێوازەکانی خەبات هاورێ بیژەن نەبوونی بزووتنەوەی خەڵکی بە هێز لە دەورانی شا ئاوا هەڵدەسنگێنیت و دەڵێ :(( هەل و مەرجی عەینی , کوڵەکەی ئەسڵی لە دەستەی هۆکارەکانی کاریگەر لە جوولانەوە و یان ڕاوەستانی بزووتنەوەکانی شۆرشگێرانەیە . بارودۆخی سیستەمی بەرهەم هێنان و رادەی پەرەساندن و گەشە کردنی ئەو ڕۆڵی سەرەکی لە جوولانەوەی کۆمەلانی خەڵکی هەیە . کاتێک کە سیستەمێکی بەرهەم هێنان بە کۆتایی دەسەلاتی خۆی دەگات و تاکو سنووری لە ناو چوون دەروات و ناتوانی وەلامی پێویستیەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بداتەوە , دژایەتیەکانی سەرچاوەگرتوو لەوێ لە شێوەی پێکەوە ژیان دەر دەچێ و بە شێوەی هێرش کردنەوە خۆی نیشان دەدات . شێوەی کۆن و رزیو ڕاستەوخۆ لە ژیانی کۆمەلانی خەڵک کاریگەر دەبێ و تەحمولی ناکەن . ریفورمەکانی زەوی و ئالوگۆرەکانی ریفورمیستی بۆ کۆتایی هێنان بەم دژایەتیانە و بە مەبەستی نوێ کردنی سیستەمی داسەپاو جێ بە جێ کرا , ئەم گۆرانکاریانە ئەگەر چی بووە هۆی بێ بەشی زۆرتری کۆمەلانی خەڵک و ڕێژیمێکی وەحشی تری بە سەر کۆمەلانی خەڵک داسەپاند , بەلام پرۆسەی پەرەساندن و گەشە کردنی کۆمەڵگای خێرا کرد و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنانی نوێی دامەزراند . هەروا ئەم گۆرانکاریانە بە زەحمەتکێشانی شار هومێدێک بەخشی , گەشە کردنی تا رادەیێک خێرای بەرهەم هێنانی سەنعەتی ( پیشەیی ) کە بە دوای ئەم گۆرانکاریانە پێک هات , نارەزایی بەرچاوی دەورەی پێش لە ریفورمی بە شێوەیکی کاتی لە ناو برد یان دایبەزاند . بۆ ئەمەی کە نارەزایەتی دابەزیو سەر لە نوێ پەرە بستێنێ و بە ئاستی تەنانەت بەرزتر لە ئاستی پێشوو بگات , پێویست بوو ساڵەکانی تێپەرین , تێ پەرێ )) هاورێ بیژەن بە دروستی ڕۆڵی دیاریکەری هۆکاری عەینی هەڵدەسنگێنێ و تەئکیدی لە سەر دەکات و پەیوەندی و کاریگەری دوو لایەنەی هۆکارەکانی زەینی و عەینی , سەرخان و ژێرخان و ڕۆڵیان نیشان دەدات .

هاورێ بیژەن بۆ نیشان دانی کاریگەری هۆکارەکانی زەینی لە سەر خاوکردن و یان خێرا کردنی هۆکارەکانی عەینی , دەڵێ :

(( ڕۆلی دەوڵەت لێرەدا , دیکتاتۆری ڕێژیم وەک هۆکاری زەینی لە پەرەساندنی کۆمەڵایەتی نابێ لە حساب کردن لە سەر هەل و مەرجەکانی عەینی شۆرش لە بەر چاو نەگیرێت . ڕێژیمی دیکتاتۆری هۆکاری خاو کەرەوە و دواکەوتووانە لە پەرەساندنی کۆمەڵگا بە مانای تایبەتی لە بەرگری کردن لە گەشە کردن و پەرەساندنی ئاشتی هەڵنەگری خەڵک لە گەڵ دوژمنی خۆی دەژمێردرێ و دەتوانێ کاریگەریی بێت لە سەر پەرەساندنی دژایەتیەکان و ئاست و تووندی دژایەتیەکان دابەزێنێ , و بەش بە حاڵی خۆی بەرگری بکات لە گەشە کردنی یەکجاری و تێکهەڵچوونی بەربلاو و تووندی دژایەتیەکان . هاورێ بیژەن لە درێژەدا دەڵێ :

(( ڕێژیمی دیکتاتۆری سەرەرای کردەوەی توووند و تێژی و سەرکوتی کینەیی ناتوانێ بەرگری بکات لە هەر چەشنە نارەزایەتی خەڵکی , بە تایبەت کاتێک کە کۆمەلانی خەڵک لە ستەمی چینەکانی دەسەڵاتدار وەزاڵ هاتە بن . و یان ئەگەر دیکتاتۆری ڕێژیم وەک ڕابردوو دەسەلاتی خۆی بە تەواوەتی دامەزرێنێ و کۆمەلانی خەڵک بێ هیچ ڕێکخراوێکی شیاوی ڕێبەری کردن بمێننەوە و لە یەک قسەدا ئەگەر هەل و مەرجەکانی زەینی نەتوانێ بە سەر هەل و مەرجەکانی عەینی کاریگەر بێت , لەم حاڵەدا دژایەتیەکانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیکی نهێنی

پەرە دەستێنێ و لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و قەیران دا کاتێک کە کۆمەڵانی خەڵک لە گیانیان تێر بن , کاتێک کە ستەم و چەوساندنەوە تەحموول نەکرێت , هەرچەندە دیکتاتۆری توووند بێت , قەیران پەیدا دەبێ و شۆڕشەکانی کوێر یان نیوە تێگەیشتووانە کۆمەڵگا وە بەر دەگرێ )).

هاورێ جەزنی بە تێگەیشتنی بنەرەتی لە ڕاستیەکانی زەینی و عەینی کۆمەڵگا و بۆ دیاریکردنی تاکتیکەکان بۆ گەیشتن بە ئیستراتژی دیاریکراو و ڕەت کردنی بەلاڕێ چوونەکان ئاوا دەڵێ :

(( ئەگەر ئێمە نەزانین تاکتیکی سەرەکی ( مەحوەری ) کامەیە , بەکردەوە تووشی وردەکاری دەبین , هەر ڕۆژ چالاکی تازە دەکەین و لەم حاڵەدا تووشی زیگزاک دانی بەردەوام دەبین . ئەرکەکانی ئەسڵی خۆمان لە ئەرکەکانی فەرعی جیا ناکەین و لە کۆتایی دا بە قووڵایی گۆمان , سەرلێشیواوی و ئوپۆرتۆنیزم دەکەوین . ))

ئەرکی مارکسیست – لینینیستەکان لە ڕوانگەی هاوڕێ بیژەن ئەمەیە کە تا دەورانێک کە زریان دەس پێ دەکات . کۆمەڵانی خەڵک تێبگەێنن و ڕێکیان بخەن , خەریکی تەبلیغ و بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان بن کە ئەرکی هەمیشەیی ئەوانە . شۆڕشگێرانی مارکسیست – لینینیست سەرەرای بەشداری کردن لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بە دوای وەدی هێنانی ئامانجەکانی ناوبراون . بە لە بەر چاوگرتنی هەل و مەرجەکانی تایبەتی سیاسی لە هەندێک جار تەبلیغ و پروپاگەند زەق دەبێتەوە . ئەم پروپاگەندە هەم دیموکراتیکە و هەم سوسیالیستیە . پێراگەیاندن و بڵاوکردنەوە بە شێوەکانی زۆر جێ بە جێ دەکرێ و ناتوانین ئولگۆکانی لە پێش دارشتراوی یەکسان بۆیان دابنەین . داهێنەری و خولقێنەری کۆمەڵانی خەڵک هەموو کاتێک شێوەکانی نوێ لە پێراگەیاندن و بڵاوکردنەوە پێک دێنێ . شێوەکانی تەبلیغ لە سەر بۆچوونەکانی زەینی مرۆڤی پێشرەو پێک نەهاتووە . دەسکرد و دروستکراوی زەینی هەندێک ڕوشنبیر نیە . بەڵکو بە دروستی لە سەر ئەساسی بارودۆخی دیاریکراو لە کۆمەڵێک هەل و مەرجی سیاسی کە لە کۆمەڵگادا حوکم دەکات دێتە دەر .

ڕێژیم بە باشی دەیزانی کەسێک کە لە ٣٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٤ای هەتاوی ( ١٩٧٥ای زائینی ) دەست و پێ بەستراو و لە پشتەوە گوللە باران دەکات , ڕەنگدانەوەی تیئوری و سیمایەکە لە بزووتنەوەی مادی کۆمەڵانی خەڵک کە دەیهەوێ بە هەر شێوەیک کە بێت ڕیشەکانی ئەو بسووتێنێ .

بێ بەش کردنی ئەم بزووتنەوەیە لە پێشرەوانی ئەو , بێ سەرکردنی ڕێکخراوی پێشرەوی ئەو ڕێگا چارەسەرێک بوو کە شای جنایەتکار و ئیمپریالیزمی لایەنگری ئەو هەرشەی داهاتوویان بەم چەشنە وەڵام دەدانەوە . هەرچەند کە کردەوەی خراپ کارانەی ئەوان , نەیتوانی خەتەر لە سەریان لاببات و دوورگەی ئەمن و هێمنی ئەوان لە ڕێبەندانی ساڵی ٥٧ ( ١٩٧٨ای زائینی ) تووشی زریان بوو , بەڵام توانی خێرایی پرۆسەیکی زیندوو و پەرەئەستێنەر کەم بکاتەوە , بەڵام قەد نەیتوانی ڕاێگرێ . بیژەن هەنگاوی لەم ڕێگایە هەڵگرت و جێگای پێەکانی ئەو هەروا بە جێ ماوە تاکو ڕێبوارانی بانگەواز بکات , ڕێگایان نیشان بدات و ئەم ڕێگایە پڕ لە ڕێبوار بێت .

**(( یادی بەرێز و ڕێگای پڕ لە ڕێبوار ))**

**هەڵویست وەرگرتن سەبارەت بە لە ناو بردنی ستەمی نەتەوەیی و بە رەسمی ناسینی مافی چارەی خۆ نووسین پێوانەیێکی زۆر گرینگ و ئەساسیە بۆ ناسینی دوستان و دوژمنانی ئازادی . تا ئەو کاتەی لە ئێراندا نەتەوەکان بەم شێوەیە لە زنجیری دیلی بە سەر دەبەن , دامەزراندنی ئازادی و دیموکراسی هیچ مانایێکی نییە .مێژووی خەباتی سەد ساڵەی ڕابردوو لە ئێراندا , ئەم ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە وە دەر دەخات کە هەر کات خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران ڕاپەریون تاکو کوشکی زوڵم و دیکتاتۆری برووخێنن , لەم گیر و دارەدا تا نەتەوەیك ویستویەتی لە دەسکەوتی خەباتی خۆی کەڵك وەر بگرێ وچارە نووسی خۆی دیاری بکات , لە ژێر ناوی (( خەتەری جیاخوازی )) کەوتووەتە بەر هێرش و هەر لەو شوێنەدا بناغەی گەرانەوە بۆ دیکتاتۆری , سەرکوت و بەردەوامی ئەو لە سەرانسەری وڵات دانراوەتەوە .دەتوانین بلێن کە ریشەکانی دیکتاتۆری و دواکەوتوویی لە ئێراندا لە دیل بوونی نەتەوەکانە .**

# ئەزموونەکانی ڕابردوو , کوسپەکانی ئەمڕۆ و دیمەنی داهاتوو !

کاتێک قسە لە ئەزموونەکانی ڕابردوو دەکەین , دەبێ ئەو شتەی بکەین بە ئەرکی سەرەکی خۆمان کە ڕوانین لە ڕابردوو وێنەیێکی ڕوون لە ئەوەی کە لە جێ بە جێ کردنی سەرکەوتوو نەبووین , وەک پەروەردەی بە کردەوەی جوولانەوە بخاتە بەر دەستمان . چالاکی ئەمڕۆ ئێمە دەبێ ئەو گرێیانەی لە بەر دەمی خۆی بکاتەوە کە لە دەورانی پێش دا , جوولانەوەی لە ڕەوتی هەڵەکانی خۆی بێ ئاکام هێشتووە . تێپەڕین بە سەر ڕێگای دژواری ڕابردوو , تەنیا بە مەرجێک هەنگاوێکی بە کردەوە لە ڕێگای سەرکەوتنی داهاتووە کە بە ئەزموون وەرگرتن لە شکستەکانی ڕابردوو و لە بەر چاو گرتنی هۆکارەکانی ئەوان بە شوێن ڕووداوەکان نەڕۆین و لە ئەخلاق و لە کردەوەمان , دووریان بکەین . کەڵک وەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوو بە مەرجێک مومکینە کە بە دیدێکی ڕوون , کاری ڕێک و پێک و بەردەوام بۆ چارەسەری هەڵەکانی ڕابردوو هەنگاوی بە کردەوە هەڵگرین . لەوانەیە ئەحزاب , و یان کەسایەتیەکان لە پلەی ڕێبەری جوولانەوەیێک تووشی هەڵە بن , کاتێک لە بەرانبەر دادڕەسی کۆمەلانی خەڵک کە باری ئەسڵی هەر شکستێک بە سەر شانی خۆیان ڕادەکێشن و لە شەڕ دژی دوژمنی چینایەتی ئەوانن کە ڕۆلی سەرەکی دەبینن , دادەنرێن , کاتێک کە بە پێوانەی ئەزموون کردەوەی خۆیان هەڵدەسنگێنن , ئەگەر لە چاککردنەوەی هەڵەکان تێ نەکۆشن و ئەگەر لە چارەسەری ئەو کوسپانەی کە بە ئەزموونی مێژوویی شکستی هێناوە , تێ نەکۆشن , نیشاندەری ویست و ئیرادەی کۆمەلانی خەڵکێک کە کۆڵەکەی ئەسڵی هەر جوولانەوەیێکن , نین و جگە لە دووپات کردنەوەی ماندوو کەری ئەم ئەزموونانە شتێک ناکەن . بڕوا بە فێربوون لە ئەزموونەکانی مێژوویی جگە لە هەنگاو هەڵگرتن لە بواری کردەوە , هەڵناسنگێندرێت . ئەگەر هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ڕیشەکانی مێژوویی ئەم جوولانەوە دەبێتە هوێ ئەمەی کە لە ئەزموونەکانی ڕابردووی ئەو بێ بەش بمێنین . پێ داگرتنی بە ڕواڵەتیش لە سەر ئەم ئەزموونانە تەنیا لە کاری لێکدانەوەی ئەم ئەزموونانە و ون بوون لە شانازیەکانی ئەویش هەر وەک بێ بەش بوون لە ئەزموونەکانی ڕابردووی جوولانەوەیە . ڕەوتی بە کردەوەی مێژووی خەباتی گەلی کورد بۆ دیاری کردنی چارەی خۆ نووسین , لە هێلێکی دیاریکراو بەرەو پێش دەچێت و هیچ کات هیچ جوولانەوەیێک لە ڕێگایێک کە ڕۆیشتووە و ئەزموونی لێ وەرگرتووە بۆ جارێکیتر بە لاری ناچێت و ئالترناتیوی خۆی لە پەروەردەکانی بە کردەوەی خۆی و تەنانەت بە تەحمول کردنی ڕەنج و دژواری یەک جار زۆر دروست دەکات . دەبێ بزانین ئەزموونەکان کامانەن و چوون بە کار دێن . ئاکامەکانی ئەم ئەزموونە پڕبایەخە ئەمڕۆ کامانەن و ئەرکەکانی ئێمە لە بەرانبەر ئەواندا چیە , دەبێ بزانین کە ئەزموون وەرگرتن و دووپات کردنەوەی ئەزموونەکانی ڕابردوو بەس نیە . بۆ بە کار هێنانی ئەزموونەکان دەبێ هێزی پتەو و بە دواداڕەوی جوولانەوەی خەڵکی بیت .کاتێک کە پاڵپشتی بە کۆمەلانی خەڵک لە ناو بچێت و یەکیەتی ناوخۆیی لە ریزی جوولانەوە تێک بدرێت , پاڵپشتی بە هۆکارەکانی دەرەوە گرێنگ دەبێ . ئەگەر پاڵپشتی بە هێزی خەڵک و بڕوا بە بیروڕا و ئیرادەی ئەوان لاواز بێت , پێویستی مانەوە , دەبێتە هوێ پاڵپشتی بە هێزتر بە هێزەکانی دەرەوە . ئەزموون وەرگرتن دەبێ لە پێوەند دانی ئەم دوو هۆکارە ببینین . بە ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و بە کار هێنانی بە کردەوەی ئەوان لە ڕەوتی خەباتمان وەک هێزی پێشرەوی ویست و داخوازیەکانی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلانی خەڵک بۆ یەکگرتن و پتەو بوونی ریزەکانی جوولانەوە هەنگاوی جیددی و بە کردەوە هەڵگرین . بەلام مەرجی گرێنگ بۆ سەرکەوتن لە ئەرکی یەکیەتی و یەکگرتنی ڕاستەقینە و پتەوی ریزەکانی جوولانەوە زانیاری قوول و بنەڕەتیە لە هەل و مەرجی کۆمەڵگا , هەل و مەرج و ئاستی پەرەسەندنی جوولانەوە , ئاستی داخوازیە دیموکراتیک و رادیکاڵەکانی خەڵک لە هەل و مەرجێکی دیاریکراو , برنامەی تیئوری و پروگرامی بەکردەوەی هێزەکانە کە هەمووی ئەمانە لە پێوەند لە گەڵ هەل و مەرج و بارودۆخی ئابووری , کۆمەلایەتی , سیاسی و پەرەسەندنی هیزەکانی بەرهەم هێنەری کۆمەڵگا و پێوەندیەکانی بەرهەم هێنان و پێویستی گۆڕانکاری لەواندا دیاری دەکرێ . بە بێ لە بەر چاو گرتنی ئەم فاکتورانە و تەنیا بە لە بەر چاو گرتنی ویست و ئارەزووی یەکگرتن و ئەویش بە نرخی چاوپۆشی لەو ڕاستیانەی کە بوونی عەینیان هەیە , بەبریکی کاغەزی پێک دێنین کە لە خەون و خەیاڵی خۆیدا نەک تەنیا ڕێبەری جوولانەوە دەکات بەڵکو توانای بەربەرەکانی هەیە لە گەل زۆر دوژمنی چینایەتی کە بە لە بەر چاوگرتنی ورد و قوولی بەرژەوەندی و قازانجی چینایەتی خۆیان و لە سەر ئەساسی

راستیەکانی کۆمەڵگا و بۆ شتێکی دیاریکراو واتە پاراستنی سیستەمی چەوسینەرانە ,ئێستا بە هەر سەرخانێکی سیاسی کە بێت , خۆیان ڕێک خستوون . ئەگەر مەبەستی ئێمە ئەزموون وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردووە , دەبێ زەمینەکانی زۆر شکست لە ناو ریزەکانی جوولانەوە لە بەر چاو بگرین و بە وردی هەڵیان سەنگێنین . ئەگەر دووبەرەکی بووتە هۆی زۆر شکست لە ڕابردووی جوولانەوە , دەتوانین بڵێن زۆر یەکگرتن و یەکیەتی نائوسوڵیش بووتە هۆی زەبری ئەساسی و کوشندە بۆ جوولانەوە و مەبەست لەو یەکگرتنانە تەنیا قازانج و بەرژەوەندی کاتی هەبووە و بەس و قازانج و بەرژەوەندی ئیستراتیژیکی جوولانەوە و بوونی ڕێکخراوی شۆرشگێر لە کاتێکی چارەنووس سازدا بووتە قوربانی هەڵویستێکی هەڵە و نائوسوڵی . ئاسووی روون و دیار تەنیا لە تێ گەیشتنی قوول و بنەرەتی لە راستیەکانی کۆمەڵگا , داخوازی جوولانەوە لە هەل و مەرجەکانی جۆر بە جۆر و هەڵویستی روون و دروست و کاریگەر دەردەکەوێ و بەرەو سەرکەوتن ڕێنمائیمان دەکات .




گرامی باد ١٢ اردیبهشت
(اول ماه مه ) . روز جهانی
کارگر . روز دست های پینه
بسته و فولاد .
بپا خیزید ای داغ لعنت
خورده تاریخ اول ماه مه
روز رزم است !
بپا خیزید تا زمین زیر
ضربات گام های ما به لرزه
در آید . و خون ستمکاران
چون رودخانه ای بر
سنگفرش خیابانها جاری
گردد .




**کار , خانوو , ئازادی , کۆماری فیدراتیوی شوورایی !**